ئافرەتێک سزا درا بەهۆی پشیلەیەکەوە؛ بەستیەوە هەتاوەکو مرد، فڕێدرایە نێو دۆزەخەوە، نە خواردن ونە خواردنەوەی پێیدا کاتێک بەستیەوە، ونە وازی لێی هێنا بۆئەوەی لە مێرووەکانی سەر زەوی بخوات

لە عبد اللە کوڕی عومەرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلی اللە علیە وسلم- دەفەرموێت: «ئافرەتێک سزا درا بەهۆی پشیلەیەکەوە؛ بەستیەوە هەتاوەکو مرد، فڕێدرایە نێو دۆزەخەوە، نە خواردن ونە خواردنەوەی پێیدا کاتێک بەستیەوە، ونە وازی لێی هێنا بۆئەوەی لە مێرووەکانی سەر زەوی بخوات».
[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلی اللە علیە وسلم- لەم فەرموودەیەدا باسی ئەوە دەکات کە ئافرەتێک چووە نێو دۆزەخەوە -پەنا بە خوای گەورە-، وهۆکارەکەش ئەوە بوو کە پشیلەیەکی بەستەوە -بەندی کرد- هەتاوەکو مرد، نە خواردن ونە خواردنەوەی پێیدا کاتێک بەستیەوە، ونە وازی لێی هێنا بۆئەوەی ڕزقێکی بۆ خۆی دەستبکەوێت ولە مێرووەکانی سەر زەوی بخوات. ئەگەر ئەمە هەڕەشە وسزا بێت لەسەر کەسێک بەم شێوەیە مامەڵە بکات لەگەڵ ئاژەڵەکان کە هیچ لێپرسینەوە وئەرکێکی شەرعییان لەسەر نییە ولە ڕۆژی قیامەتدا دەبنە خۆڵ، ئەی چی سەبارەت بە کەسێک ئەگەر ئازاری مرۆڤی بێ تاوان بدات، یان ئازاری مسوڵمانان بدات، یان ئازاری کەسە نزیکەکانی بدات لەوانەی بەرپرسیارە لەسەریان لە: خێزان، ومندااڵ، وخزمەتکار وجگە لەمانە ؟!!

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/58193